گەڕان...

# چۆنێتی نووسینی توێژینەوەی زانستی

به بەکارهێنانی مایکرۆسۆفت وۆرد، لەیتێک، ئێکسڵ و ڤیزۆ

نووسینی: هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
hemn.barznji@spu.edu.iq



چۆنێتی نووسینی توێژینەوەی زانستی
نووسینی: هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی



گەڕان...

LaTeX

2022

# نووسینی توێژینەوە

## بە بەکارهێنانی بەرنامەی لەیتێك

Writing Research using Latex Software


هێمن مەلا کەریم بەرزەنجی

مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی



چاپی دووەم

2022

# پێناسی کتێب

*** ناوی کتێب :نووسینی توێژینەوە بە بەکارهێنانی لەیتێك**

- **نووسینی : هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**
  **مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی**
- **نۆبەتی چاپ: یەکەم 2019، دووەم 2022**
- **شوێنی چاپ : باشووری کوردستان، سلێمانی**
- **تیراژ: 500 دانە**

# پێشکەش

## ئەم بەرهەمە پێشکەشە  بە:

- باوكم ، جەنابی : ((حاجی بابا شێخی بەرزنجی)).
- دایكی ئازیزم، جەنابی خاتوو ((نەسرین بەرزنجی)).
- هاوسەری ژیانم ((چرۆ)) و كوڕی خۆشەویستم ((موحەمەد)).
- زانایانی بنەماڵەكەمان، بنەماڵەی شێخانی شێخولئیسلامی مودەڕیسی بەرزنجی لە كۆن و نوێدا.
- نەوەكانی شیخانی شێخولئیسلامی مودەریسی بەرزنجی ((شێخ نەوشیروان، شێخ شێركۆ، شێخ شێرزاد، شێخ ئارش، شێخ ئارۆ، شێخ ئارا، شێخ موحەمەد)) بەو هیوایەی لە گەورە زانایانی داهاتوو بن.
- هەموو زانست خوازان و توێژەران و ئەوانەی لە خەمی لێكۆڵینەوە و پێشخستنی كوردستان دان.

# سوپاس و پێزانین

- دایکی ئازیز، خاتوو ((نەسرین بەرزنجی)) ، زمانزان و شارەزای کەلەپور و فۆلکلۆری کوردیی.
- برای ئازیزم مامۆستا ((عومەر مەلا کەریم بەرزنجی))، لێکۆڵەر و ساغکەرەوەی ئەدەبی کوردیی، پسپۆڕی کارگێڕی کە خاوەنی چەندان توێژینەوە و کتێبی چاپکراوە.
- هاوسەری ژیانم کە بەشێك لە کاتەکانی خۆی پێبەخشیووم و بەهۆیەوە توانیومە نووسەر و لێکۆڵەرێکی پڕ بەرهەم بم.

# پێشەکی و ناساندن

توێژینەوە Research بڕ بڕەی پشتی هەموو کۆمەڵگەیەکی زیندو و بەرهەمهێنە، چونکە هۆکارێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی گرفتەکانی کۆمەڵگە و پاشان خستنەڕووی چارەسەرێکی سەلمێندراوو یاخود چارەسەری پێشنیازکراوو بۆ تاقیکردنەوە. هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەم گرنگییەوە پێمان باش بوو ئەم بەرهەمە پێشکەش بە خوێنەران بکەین، تا بەهۆیەوە ئاسۆیی توێژینەوەیان فراوان بکەن و هەوڵبدەن لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە بۆ کێشە و گرفتەکان بکەن.

ئەگەرچی توێژینەوە بەبێ بیرۆکە و بیرکردنەوەی ورد و بابەتی لە بیرۆکەکە و داڕشتنی چارەسەرێك بۆ ئەو گرفتەی لە نێو بیرۆکەکەدایە و بەشێکە لێی، کارێکی ئەستەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوە بە بێ ئامڕاز و بەرنامەی جێبەجێکردن و هونەرەکانی نووسینی توێژینەوە کارێکی ئەستەمترە.

هەتاوەکو بیرکردنەوە و ئاوەزی مرۆڤ فراوانتر بێت، وردەکار و بەسەرنج بێت، دەتوانێت توێژەرێکی باشتر بێت و لە ئاستی ناوخۆی و نێوودەوڵەتیش کێ بەرکێ بکات و بەرەو لووتکە

هەڵبکشێت، ئەمەش ئەستەم نییە ئەگەر هەوڵی بەردەوامی بێپچڕان لەسەرەتای بنەماکانی پەروەردەکردنی توێژەرەوە دەست پێبکات. بۆئەوەی لێکۆڵەر و ساغکەرەوەیەکی ورد و زانستی بین، دەبێت زیاتر و زیاتر بخوێنینەوە، لە بواری پسپۆڕی خۆماندا زۆرترین توێژینەوە چاوپیابخشێنین و سەرنجی گرفتی چارەسەر کراووی ناو توێژینەوەکان بدەین، باوەڕمان بە کاری بە کۆمەڵ هەبێت و کاری بۆ بکەین، لە چارەسەرکردنی گرفتی بچووك و ناوچەییەوە دەست پێبکەین، پاشان کارەکانمان گەورە بکەین.

توێژەر و لێکۆڵەری بە خزمەت و ئایندەناس، ئەو کەسەیە کە گرفتەکانی شوێنی کارەکەی لە ڕێگەی توێژینەوەکانییەوە چارەسەر بکات، پاشان هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی شارەکەی بدات، دوواتر کار لەسەر چارەسەر کردنی گرفتەکانی وڵاتەکەی بکات، دووای ئەوەی شوێنی کار و شار و وڵات گرفتیان نەما، پەلبهاوێت بۆ ئاستی نێودەوڵەتی و هەوڵبدات لە ڕێگەی توێژینەوەکانییەوە خزمەت بە هەموو مرۆڤایەتی و جیهان بکات. بەم جۆرە توێژەر و لێکۆڵەرانە

**دەوترێت پێشەنگی وڵات، دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت و هاوکارییان بکرێت.**

**ئەم پەڕتووکەی لەبەردەستی تۆی خوێنەر دایە، چەند وانەیەکە کە لە خولێکی تایبەتی دا لە ساڵی 2019 لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی پێشکەشکراووە بە چەند مامۆستایەك، بەو هیوایەی خزمەتێك بێت بە خوێنەرانی دیکەش، بۆیە دەیخەینە ڕوو.**

**بەشێوەیەکی گشتی باسمان لە هەموو ئەو بنەیانە کردووە کە دەبنە هۆی پەروەردەکردنی توێژەر و، دەبنە پاڵنەر بۆ درووست بوونی بیرۆکە و فراوانترکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە لە پێناو پێشکەشکردنی باشترین و بەکەڵکترین توێژینەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردیی.**

**هێمن مەلا کەریم شێخولئیسلامی مودەڕیسی بەرزنجی**

# خولی بێبەرامبەر

**ئامادەم خولی بێبەرامبەری تایبەت بە نووسینی توێژینەوە بە بەکارهێنانی لەیتێك و مایکرۆسۆفت ۆرد 2019، پێشکەش بکەم لە هەر زانکۆ و پەیمانگە و ناوەندێك کە پێویستیان بەم بوارە هەبێت کە تیایدا سەرجەم ئەم پەڕتووکەی بەردەستت و زۆر زانیاری تر پێشکەش بە ئامادەبووان دەکەین. بەو مەرجە شوێنەکە لەناو شاری سلێمانی دا بێت، بەڵام بۆ دەرەوەی سلێمانی پێویستە تێچووی هاتن و چوونمان پێبدرێت.**

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

**بۆ پەیوەندی:**

**07701515582**

dr.hemn@yahoo.com

http://hemnbarznji.blogspot.com

هێمن مەلا کەریم بەرزەنجیHemn Mela Karim Barznji (researchgate.net)

www.facebook.com/hemn.melakarimbarznji

independent.academia.edu/HemnMelaKarimBarznji

# ناساندنی لەیتێك

# و

# باسە پەیوەندیدەرەکان

# لەیتێك Latex

ناوی ئەم بەرنامەیە بە لەی تیێك Lay – Tek هەروەها لەه تێك Lah Tek دەخوێندرێتەوە، بەڵام لەناو کورداندا بە لاتێکس ناسراوە، کە ئامرازێکە بەکاردێت بۆ درووستکردنی بەڵگەنامە ژمارەییەکان و، پیتچنینی ژمارەی، کە لە بنەرەتدا زمانێکی هێمایی Markup – Language یە بۆ پیتچنینی بەڵگەنامەکان، کە لە نووسینی هاوکێشە و برە بیرکاریەکانیشدا تەواو لێهاتوو و سەرکەوتووە و جوانکاری و ڕێکخستنی تەواوی پێ جێبەجێدەکرێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم بەرنامەیە درووستکراوە بۆ بیرکاری و زانست.

ئەم بەرنامەیە نەزمی ئامادەکردنی بەڵگەنامە document preparation systemیە، کە لە ساڵی 1989ز پێشنیار کراوە، بەکاردێت بۆ درووستکردنی بەڵگەنامەکان Documents وەکو لاپەڕەکانی توێژینەوە، پەڕتووك، یان سلایدەکانی پیشاندان. کە لەسەر بنچینە و بیرۆکەی ویسی ویمە WYSIWYM what you see is what you mean، چونکە زیاتر گرنگی بە ناوەرۆك دەدریێت.

جیاوازی سەرەکی لە نێوان لەیتێك و بەرنامەکانی تر وەکو مایکرۆسۆفت ۆرد بە ڕوونی دەردەکەوێت، مایکرۆسۆفت ۆرد بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە خێرای چاکسازی و گۆڕانکاری تیادەکرێت، لەکاتێکدا لەیتێك بەشێوەی بەشی بچوکە وەکو بەرنامەسازی Programming.

بۆ نووسینی توێژینەوە بە بەکارهێنانی لەیتێك پاشگری فایلەکە بە tex.دەبێت، هەروەها بەکارهێنانی زمانێکی قالّب بەندی کە بەشێوەیەکی گشتی چۆنێتی پیشاندانی هەموو توێژینەوەکەیە پێکەوە، پاشان دەتوانرێت لەیتێك بەکاربهێنرێت بۆ درووستکردنی پی دی ئێف .

## بەکارهێنانی لەیتێك بۆچی؟

بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو جیهاندا، بەرنامەی لەیتێك بەکاردەهێنرێت بۆ بەڵگەنامە زانستییەکان scientific documents ، پەڕتووکەکان books، توێژینەوە و وتارەکان Research & Articles، هەروەها شێوازەکانی تری بلّاوکردنەوە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆر مەبەست و هۆکار هەن بۆ ئەوەی لەیتێك بەکاربهێنرێت بۆ نووسینی توێژینەوە، کە بە کورتی دەیانخەینە ڕوو:

یەك- وتاری بە لەیتێك نووسراو باشترە لە ڕوی شێواز و ڕێكخستنەوە.

دوو- لەیتێك بۆ هەموو نەزمەكانی كارپێكردن All Operating Systemsبەردەستە .

سێ- لەیتێك زۆر پاكەتی Package تایبەتی پێشكەش دەكات.

چوار - بەكارهێنەر تووشی نیگەرانی نابێت دەربارەی چۆنێتی ئەوەی دەیبینێت، بە هەمان شێوەش دەبێتە بەرهەم بۆ بڵاوكردنەوە.

پێنج- لەیتێك توانای دروستكردن و نوێكردنەوەی پێڕست و پەڕتووكناسی Bibliography هەیە بە شێوەی خۆكار. Automatic

شەش - لەیتێك زۆر بە باشی كاردەكات بۆ دروستكردنی بەڵگەنامە گەورەكان.

حەوت - لەیتێكس زۆر خێرایە، هەروەها وێنەكان چاكسازی و ڕێكخستنیان بۆ دەكرێت لە هەر كاتێكدا كە پێویست بێت یاخود بمانەوێت.

هەشت - لەیتێك بایەخ بە ناوەڕۆك و بەشە پێكهێنەرەكان دەدات.

# بابەتە پەیوەست و گرنگەکانی لەیتێك ئەمانە

یەك - دابەزاندنی لاتێکس. Latex Installation

دوو - یەکەم بەڵگەنامە.

سێ - نەخشەسازی و ڕێکخستنی بەڵگەنامەکان ، بەش و پارچە نووسین.

چوار - پاکەتەکان

پێنج - بیرکاری

شەش - زیاد کردنی وێنەکان.

حەوت - خشتەی ناوەڕۆك، پێڕست.

هەشت - سەرچاوەکان و پەرتووکناسی.

نۆ - پەراوێزەکان.

دە - خشتەکان.

یانزە - دروستکردنی خشتەکان بەشێوەی خۆکار.

دوانزە - درووستکردنی هێڵکاری بە شێوەیەکی خۆکار.

سیانزە - کێشانی وێنەی بەیانی.

چواردە - ڕەنگکردنی کۆدی سەرچاوە.

پانزە - هێڵکاریەکانی سورڕ.

شانزە - هێڵکاریەکانی سورڕی پێشکەوتوو.

حەڤدە - بەستەری بەرزەدەق.

هەژدە - لیستەکان.

# باس و بابەتە پەیوەستەکان بە توێژینەوەوە

یەك - توێژینەوە چییە؟

دوو - ڕووخسار و تایبەتمەندیەکانی توێژینەوە.

سێ - جۆرەکانی توێژینەوە:

1- توێژینەوەی بنچینەی. Basic Research

2- توێژینەوەی جێبەجێکاری.

3- -توێژینەوەی ئاڕاستەکراوو وەکو کێشە.

4- توێژینەوەی چارەسەرکردنی کێشە.

5- توێژینەوەی جۆری.

6- توێژینەوەی بڕی.

7- توێژینەوەی پەسندان.

8- توێژینەوەی شیکاری.

9- توێژینەوەی بیرۆکەی.

10-توێژینەوەی ئەزموونی.

# ڕێگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

یەك- چاوپێکەوتن.

دوو -پرسیار و وەڵام.

سێ -ڕاپرسی.

چوار - چاودێری.

پێنج-کۆمەڵی بایەخپێدان.

شەش -ئیسنۆگرافیا، مێژووی زارەکی، و لێکۆڵینەوەی دۆخ.

حەوت -بەڵگەنامەکان و تۆمارەکان.

# نووسینی زانستی و پێکهاتەکانی

بە گوێرەی وانە جێبەجێکارییەکان، بەشەکانی نووسینی زانستی ڕووندەکرێتەوە، وەکو ناونیشان Title و کورتە ناونیشان Subtitle و جۆرەکانیان، بەشەکان Section و پەرەگراف Paragraph، نووسەرەکان و زانیاری دەربارەیان، پوختەی بابەت Abstract، ناساندن و پێشەکی Introductions، ناوەرۆك، کۆتای و دەرئەنجام، بەرهەم، سەرچاوە و پەراوێزەکان.

# جۆرەکانی نووسینی سەرچاوە و لێوەرگیراوەکان

بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرانەی شێوازی نووسینی لێوەرگیراوەکانمان هەیە، ئەوانیش : ((ئۆکسفۆرد، هارڤارد، تووڕابیەن، شیکاگۆ، ئێم ئیڵ ئەی، ئەی ئێس ئەی، ئەی پی ئەی، ئەی ئەی ئەی، سی ئێس ئی، سی بی ئی، ئای ئی ئی ئی))

هەروەها ڕێگەکانی لێوەرگرتن کە ئەمانەن : ((لێوەرگرتن وەك خۆی، دارِشتنەوە، پوختەکردن))، لەگەڵ کورتە باسێك دەربارەی سەرچاوەکانی لێوەرگرتن کە ئەمانەن : ((پەڕتووك، گۆڤار، ڕۆژنامە، شێعر،.....)).

# وانەی یەکەم

## نووسینی زانستی و، دابەزاندنی بەرنامەکە ...

لەم وانەیەدا، بە کورتی باس لە نووسینی زانستی دەکەین، وەلیٚ لە وانەکانی تردا و، لەکاتی باسکردنی چۆنێتی نووسین بە بەرنامەی لەیتێك دا، بەش و پێکهاتەکانی نووسین بە شێوەی زانستی و کرداری ڕوون دەکەینەوە. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەی راڤەیی تێکەڵ بە کاری کرداریانە کراوە لە سەرەتا وە تا کۆتای خولەکە بە بەشداربوونی تەواوی خوێندکاران بە شێوەی کرداری.

# دابەزاندنی بەرنامەکە

## یەك:: داواکاری و پێویستییەکان، پێش دابەزاندن

ا- بۆ نەزمی کارپێکەری ویندۆز پێویستە یەکێك لەم ویندۆزانە لەسەر کۆمپیوتەری بەکاربەر دابەزێنرابێت :

1-ویندۆزی دە.

2-ویندۆزی 8 و 8.1.

3-ویندۆز حەوت.

4-ویندۆزسێرڤەری 2012.

5-ویندۆز سێرڤەری 2008.

**ب- بۆ نەزمی کارپێکەری ماك، پێویستە یەکێك لەم نەوانەی ماك لەسەر کۆمپیوتەری بەکاربەر دابەزێنرابێت:**

1-ماك ئۆئێسی 10.14.

2-ماك ئۆئێسی 10.13.

3-ماك ئۆئێسی 10.12.

4-ئۆ ئێس ئێکسی 10.11.

**تێبینی// تەنها پاڵپشتی 64بت دەکات.**

**ج- بۆ نەزمی کارپێکەری لینووکس، پێویستە یەکێك لەم نەوانەی لینووکس لەسەر کۆمپیوتەری بەکاربەر دابەزێنرابێت:**

1-ئوبنتوو 18.4.

2-ئۆبنتوو 16.4.

3-لینوکسی مینت 19.

4-لینووکسی مینت 18.3.

5-دیبیەن 9.

6-فیدۆرا 30.


7-فیدۆرا 28

تیبینی// تەنها پالْپشتی 64بت دەکات.


## دوو:: دابەزاندن لەسەر ویندۆز 10

1-لەم لینکەی خوارەوە بەرنامەکە بۆ ویندۆز دە وەردەگرین .


https://miktex.org/download




2-پاشان کلیك لەسەر بەرنامە دابەزێنراوەکە بکە





3- کلیك لەسەر دووگمەی داهاتوو Next بکە





4- یەکیان هەڵبژێرە و کلیك لە دووگمەی دوواتر Next بکە





5-كليك له دووگمەی دوواتر  بكە:




6- پاشان كليك لە دووگمەی دوواتر Next بكەرەوە:





7-ئەم ڕووكارە دەكرێتەوە و، چاوەڕێ بە :




8- کەمێك چاوەڕوان دەبین تا دادەبەزێت :





9- کلیك لە دووگمەی دواتر Next بکە :



10- كليك له دووگمەی دواتر Next بکه :





11- پاشان كليك له دووگمەی داخستن Close دەکەین.




# سێ:: کردنەوەی بەرنامەکە

1-لە بەشی گەرانی نەزمی کارپێکەری Operating System دا، تێکسۆرکس TeXworks دەنووسین و، پاشان سەهمی ماوسەکە دبەینە سەر بەرنامەکە و کلیکی لەسەر دەکەین:



2-پاشان بەرنامەکە دەکرێتەوە، کە ئەمە ڕووکارەکەیەتی :



# وانەی دووەم

# توێژینەوە، تایبەتمەندیەکان و جۆرەکانی

یەك:: توێژینەوە، کۆڵینەوەیەکی نەزمی یە Systematic بۆ پەسندان، شیکردنەوە و ڕونکردنەوە، پێشبینی کردن و، جڵەوکردنی Control شتێکی چاودێری کراو و، دیاری کراوو.

## دوو:: تایبەتمەندییەکانی توێژینەوە Properties of Research

1-ڕیبازێکی بەنەزمکراوو systematic approach لە توێژینەوەدایە، یاساکان و هەنگاوەکانی چارەسەرکردن لە بەشە بەیەککراوەکانی توێژینەوەن، کە کۆمەڵە ئامانجێکن لە ئەنجامدانی توێژینەوەدا.

2-توێژینەوە لەسەر بنچینەی لێکدانەوەی ژیربێژیانەیە logical reasoning، هەروەها بەکارهێنانی ڕێگەکانی ((تایبەتی بە گەیشتنە ئەنجامی گشتی لە ڕێی بەشەکانەوە inductive)) لەگەڵ ((بۆ دەرکەوتن لە ڕێی بیرکردنەوەوە deductive)).

3-زانیاری Data و، ماریفەت Knowledge کە وەردەگیرێت لە کاتی تەواو و ڕاستەوخۆدا، یاخود لە چاودێریکردنی تەواو دا.

4- توێژینەوە، ڕێرەوێك درووست دەكات بۆ درووستكردنی پرسیارە تازەكان، هەربۆیە زۆر توێژینەوەی تر ئەنجامدەدرێت لەو توێژینەوەیەی كە ئێستا كراوە و بەردەستە.

5-توێژینەوە بە شێوەیەكی سرووشتی شیكاری analytical یە، كە ئەم شیكاری یە ئەنجام دەدرێت بە بەكارهێنانی زانیاری ئامادە و بەردەست.

6-وردێتی Accuracy لە گرنگترین تایبەتمەندیەكانی توێژینەوەیە، زانیارییەكان Information لەكاتێكدا بە دەست دێت كە توێژینەوەكە بە وردی و ڕاستی ئەنجامبدرێت.

## سیٚ:: جۆرەكانی توێژینەوە Research Types

1- توێژینەوەی بنچینەیی Basic Research: ئەم جۆرەی توێژینەوە بەكاردێت بۆ فراوانكردنی ماریفە knowledge expansion، ئەزموون experiment باشترین نموونەی توێژینەوەی بنچینەییە.

2- توێژینەوەی جێبەجێكاریی Applied Research، ئەم جۆرەی توێژینەوە گرنگی بە شیكردنەوە و چارەسەركردنی گرفتەكانی ژیانی ڕاستەقینە Real-life problems. ئەم

جۆرەی توێژینەوە خوێندن و تێکۆشانە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشە کردارییەکان بە بەکارهێنانی ڕێگە زانستییەکان.

3- -توێژینەوەی ئاراستەکراوو وەکو کێشە Problem Oriented Research، ئەم جۆرەی توێژینەوە ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنە بۆ تێگەیشتن لە تەواوی سرووشتی کێشەکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرە پەیوەندیدارەکان.

4- توێژینەوەی چارەسەرکردنی کێشە Problem Solving Research، ئەم جۆرەی توێژینەوە ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنە لە لایەن کۆمپانیاکانەوە، بۆ تێگەیشتن و شیکارکردنەوەی کێشە و گرفتەکان. توێژینەوەی چارەسەرکردنی کێشە Problem Solving Research، توێژینەوەی جێبەجێکاری Applied Research بەکاردەهێنێت بۆ دۆزینەوە شیکاری و چارەسەرکردنی گرفتە هەنووکەییەکان.

5- توێژینەوەی جۆری Qualitative research، هەموو کردارەکانە دەربارەی لێکۆڵینەوە و بە دووادا چوون کە یارمەتی تێگەیشتنی کێشە و گرفتەکان دەدات بەشێوەکی قووڵ،

ئەمەش ڕێگەی توێژینەوەی ئاماری نیە non- statistical research.

6- توێژینەوەی بڕی Quantitative Research، هۆکار و ڕێگەیەکی ڕێکخراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەی، بۆ پوختەکردنی ئەنجامەکان، بە پێچەوانەی توێژینەوەی جۆری یەوە، کردارە ژمێرەییەکان و ئامارییەکان بەکاردەهێنێت، بەڵام لە ڕێگەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری دا لەیەك دەچن. توێژینەوەی بڕی هەموو شتێکە دەربارەی ژمارەکان.

7- توێژینەوەی پەسندان Descriptive research، ئەم جۆرەی توێژینەوە گرنگی دانە بە گەران بە شوێن ڕاستییەکاندا، بۆ دڵنیابوونەوە لە سرووشتی شتەکان کە بوونی هەیە و بەردەستە.

8- توێژینەوەی شیکاری analytical research، ئەم جۆرەی توێژینەوە گرنگی دەدات بە دیاری کردنی ڕاستێتی و درووستی و نادرووستی گریمانەیەك، لەسەر بنچینەی ڕاستییە کۆکراوەکان.

9- توێژینەوەی بیرۆکەیی Conceptual research، ئەم جۆرەی توێژینەوە گەرانە و توێژینەوەیە دەربارەی بیرۆکە و هزر،

**هەروەها گەشەپێدانی بیرۆکەیەکی نویٚ، یان راڤە و لێکدانەوەی بیرۆکەی کۆن لەسەر بنچینەی لێکدانەوەی ژیربێژییانە logical reasoning.**

**10-توێژینەوەی ئەزموونی experimental، ئەم جۆرەی توێژینەوە پشت دەبەستێت بە زانیاری بەڵگەنامەیی و باوەرپێکراوو، کە کۆکراوەتەوە بە سەرنجدان و چاودێری کردنی راستییەکان یاخود دەستکەوتوون لە رێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە.**

**جگە لەم جۆرە باوانەی توێژینەوە، جۆری تریش بەردەستن، بەتایبتی کە ئەم جۆرانەش پۆلێن بەندی دەکرێنەوە بۆ جۆر و شێوازی تر و، لقیان لێدەبێتەوە.**

# وتار، جۆر و، پێکهاتەکانی

# Article, Types & Components

نووسینی وتار بە زمانی ئینگلیزی لە شێوازە باوەکانی نووسینە، کە بەهۆیەوە کۆڵینەوە و بیر و بۆچوونەکان دەخرێنە ڕوو، لە دارشتنێکی زانستی لە رووی ناوەرۆك و ریزمان و خاڵبەندی یەوە، دەخرێتە ڕوو، بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە 21 جۆر وتاری سەرەکیمان هەیە و، هەندێك لەسەرچاوەکانی 14 جۆریان بەسەرەکی ناو دەبەن، بەڵام باوترین جۆرەکانی وتار، هەشت دانەن، ئەوانیش : ((کورتە راپۆرت Short Report، نامە Letter، وتاری تەواو Full Article کە توێژینەوەی ڕەسەنە Original Research، وتاری چاوپیاخشاندنی گشتی Review Article کە پێشی دەوترێت چاوپیاخشاندنی بچوککراوە Mini Review، وتاری تایبەتی و سەرنج بۆ راکێشراوو Feature، ڕا و بۆچوون و گۆشەی تەماشاکردن و هەڵسەنگاندن Perspective، کۆڵینەوەی گفتوگۆ ئامێز discussion paper، بۆچوونەکان و گریمانەکان Opinions and Hypotheses.

هەموو وتارێکی زانستی نووسراوو بە زمانی ئینگلیزی لە چەند بەشێکی سەرەکی پێکدێت، کە دەشێت ئەم بەشانە زیاد و کەم بکەن، ئەمەش پشت دەبەستێت بە یاسا و رێساکانی بڵاوکراوەکان، کە ئەمانەن:

-ناونیشانەکان Titles، کە ناونیشانی سەرەکی و کورتە ناونیشانەکان و ناونیشانی بەشەکان دەگرێتەوە.

-نووسەرەکان Authors، کە دەشێت نووسەرێك یان چەند نووسەرێکی هەبێت، لەناو نووسەرەکانیشدا رەنگە نووسەری سەرەکی و یەکەمیمان هەبێت، کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت لە کاتی پرکردنەوەی فۆرمی پێشکەشکردنی توێژینەوە بە گۆڤارەکان، بەڵام ئەمە هەموو گۆڤارەکان ناگرێتەوە و، گۆڤاریشمان زۆرە کە جیاوازی لە نێوان نووسەرەکاندا ناکات.

-پوختە Abstract، لەم بەشەی نووسینەکەدا، پوختە و کورتەی تەواوی توێژینەوەکە، بەهەموو ناوەرۆك و بەشەکانەوە دەخرێتەوە ڕوو، کە ژمارەی وشەکانی بە گوێرەی جۆری وتار و نووسینەکە دەگۆرێت. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی گۆڤارەکان دیاری دەکەن و دەبێت توێژەر پابەند بە ژمارەی ئەو وشانەی گۆڤارەکە بۆ پوختەی داناوە.

-وشەکلیلەکان Keywords واباشترە لە 4-6 وشە بێت و، ئەو وشە سەرەکیانە بێت کە لەناو وتارەکەدا بەکارهاتوون. بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیربچێت کە هەندێ گۆڤار ژمارەی وشە سەرەکییەکان دیاری دەکات و نابێت لەو ژمارەیە زیاتر بەکاربهێنین.

-پێشەکی و ناساندن Introduction

-رێگەکان Methods یاخود مادەکان و رێگەکان Materials and Methods.

-ئەنجامەکان Results.

-گفتوگۆکان Discussions، دەشێت زۆر درێژ نەبێت و لە 1-2 پارچە نووسیندا تەواو بکرێت، ئەمە بۆ وتارەکان، بەڵام بۆ تێزەکانی ماستەر و دکتۆرا، دەشێت 1-2 لاپەرە بێت.

-سوپاس و پێزانین Acknowledgement، لەم بەشەدا سوپاس و پێزانین ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکرێت کە هاوکاری توێژر بوون جا هەر جۆرە هاوکارییەك بێت، بەتایبەتی ئەگەر رێکخراو و دەزگایەك ئەرك و تێچووی توێژینەوەکەی لە ئەستۆگرتبێت واباشترە سووپاس بکرێت.

-سەرچاوەکان References، لێرەدا هەموو سەرچاوەکان دەنووسرێت بە گوێرەی یەکێك لە شێوازە باوە جیهانیەکانی نووسینی سەرچاوە، کە زۆر جار ئەو زانکۆ و دەزگا یان گۆڤارەی توێژینەوەکەی بۆ دەنووسرێت شێوازەکە دیاری دەکات. لە وانەکانی داهاتوودا باس لە شێوازەکان دەکەین.

-هەندێکجار دوای سەرچاوەکان پاشکۆکان بوونی هەیە، ئەمەش جێگیر نییە و دەگۆڕێت بە پێی گۆڤارەکان و زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوە.


# بەرنامەی تێکسوێرك

# TexWorks Software

ئەم بەرنامەیە تەنها تایبەتە بە چاکسازی و پیشاندانی نووسین Text Editor، کە توانای هەیە بەڵگەنامەکان درووست بکات و، بیکاتە پی دی ئێف PDF، کە کۆکراوەی کۆمەڵێ بەرنامە و فایلە، هەربۆیە پێشی دەوترێت Texworks.

## پێکهاتەی بەرنامەکە و یەکەم نووسین

دووای ئەوەی بەرنامەکەمان کردەوە، ئەم ڕوو کارەی خوارەوە کرایەوە، ئێستا پێویستە بە کورتی بەشە پێکهێنەرەکانی بەرنامەکە باس بکەین، تا بەکارهێنەر بە شێوەیەکی زانستی بەرنامەکە بەکاربهێنێت و بەشە پێکهێنەرەکان بناسێتەوە.




## یەك:: شریتی ناونیشان Title Bar

ئەم شریتە سەرەتا و، یەکەم بەشی بەرنامەکەیە، کە نیشانەی بەرنامەکە Logo و، ناوی ئەو فایلەی ئێستا بەردەستە، لەگەڵ هەر سێ دووگمەی ((داخستن Close، بچوککردنەوە و گەورە کردنەوە لە سنووری ڕوکاری ئامێرەکەدا Maximize/Restore، بچوککردنەوە بۆ سەر شریتی گرنگییەکان Minimize)) هەیە.




## دوو:: شریتی لیستەکان Menu Bar

ئەم شریتە لە چەند لیستێك پێکهاتووە، کە بە کلیك کردن لەسەر ناوی هەر یەکێکیان لیستی تایبەت بەو ناوە دەکرێتەوە، هەر بۆیە ناویشنراوە شریتی لیستەکان، ئەوانیش : ((فایل File، چاکسازی Edit، گەڕان Search، ڕێکخستن Format، ......)).




هەریەکێك لەم لیستانە لە کۆمەڵێك فەرمان پێکهاتوون، کە هەریەکە و بەکاردێت بۆ کارێکی دیاری کراوو، ئەوانیش :

## 1-فایل File:




فەرمانکانی ئەم لیستەی لە سەرەکیترین فەرمانەکانن کە زۆر بەکاردێن، لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین، بەڵام بە پێی بەکارهێنانیان لە نموونەدا، هەنگا و بە هەنگاو ڕوونی دەکەینەوە:

*نوێ New: بەکاردێت بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێی کارکردن، لاپەڕەیەکی سپی.

*لاپەڕەی تازە لە قاڵبەوە New From Template: بەکاردێت بۆ کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازەی کارکردن لە یەکێك لە قاڵبەکانەوە، کە بەرنامەکە کۆمەڵێك قاڵبی ئامادەکراوی تێدایە بۆ کارئاسانی بەکارهێنەر.

*کردنەوە Open: ئەم فەرمانە بۆ کردنەوەی فایلی پاشەکەوتکراووی بەرنامەکە بەکاردێت، لەکاتێکدا بمانەوێت گۆڕانکاری تیابکەین، یاخود فایلێکی تازە درووست بکەین بە هۆیەوە و فایلە کۆنەکەش وەك خۆی بهێڵینەوە.

*دواین کردنەوە Open Recent: کە سەهمی ماوسەکەی دەبەینە سەر لیستێکمان بۆ دەکاتەوە کە ئەو فایلانەی تێدایە کە دواین جار کراونەتەوە، دەتوانین بە هۆیانەوەی بیانکەینەوە، ئەمەش کارئاسانی و کورتە رێگەیە، لەکاتی بیرچوونەوەی شوێنی هەڵگرتن و پاشەکەوت کردنی فایلیشدا سوودی لێوەردەگرین.

*داخستن Close: بەکاردێت بۆ داخستنی فایلی چالاکی سەرشاشەکە، کە کراوەیە و کاری تیادەکەین.

*شاراکردن Save: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ شاراکردنی فایلێك کە تازە کراوەتەوە، یاخود بۆ شاراکردنی گۆڕانکارییەکانی ناو فایلی کراوە و بەردەست.

*شاراکردنی وەکو ... Save As: بەکاردێت بۆ شاراکردنی فایلێك بە ناوێکی نوێوە، یان بەهەمان ناوەوە بەڵام لە شوێنێکی تردا.


*شاراكردنی هەمووی Save All: بەكاردێت بۆ شاراكردنی هەموو فایلە كراوەكان لە ناو شارا و كۆگایەكی دیاری كراوودا.

*گەرانەوە بۆ شاراكراوو revert to saved: بە كاردێت بۆ گەرانەوە بۆ فایلی شاراكراوو و پارێزراوو كە پێشتر لە شارا و كۆگای تایبەتی دا هەڵمان گرت.

*لابردنی فایلەكانی ئەی یوو ئێكس ... Remove Aux Files: بەكاردێت بۆ لابردن وسرینەوەی فایلەكانی ئەی یو ئێكس كە فایلێكی تایبەتە و بەرنامەكە درووستی دەكات لەگەڵ درووستكردنی فایلی نووسین و دەقی Text بەرنامەكەدا.

*دەرچوون لە بەرنامەكە Quit TexWorks: ئەم فەرمانە بەكاردێت بۆ داخستنەوەی بەرنامەكە.

## 2-ئامادەكردن و پوختەكردن بۆ بڵاوكردنەوە Edit




*پاشگەزبوونەوە لە كارێك Undo: ئەم فەرمانە بەكاردێت بۆ پاشگەزبوونەوە لە كارێك كە پێشتر كردوومانە، یاخود پەشیمانبوونەوە لە چەند كارێكی یەك بە دووا یەكدا، بە چەند جارێك كلیك كردن لەسەری، ئەمەش كارئاسانیەكی تەواو و شازە بۆ كورتكردنەوە و خێراكردنی كارەكان.

*كردنەوەی كارێك Redo: ئەگەر لە كارێك یان چەند كارێك پەشیمان بووبینەوە، بە هۆی فەرمانەكەی پێشترەوە، ئەوا بەهۆی ئەم فەرمانەوە كارەكە دەكەینەوە و، دەیگێڕینەوە شوێنی خۆی.

*بڕین Cut: بەهۆی ئەم فەرمانەوە ئەو بەشەی دیاریمان کردووە Selected دەیبرین تا لە شوێنێکی تر، داینێینەوە و، بیلکێنین و بەکاری بهێنین.

*لەبەرگرتنەوە Copy: بەهۆی ئەم فەرمانەوە لەبەرگرتنەوە ئەنجام دەدەین بۆ ئەو بەشەی دیاریمان کردووە Selected تا لە شوێنێکی تر، داینێینەوە و، بیلکێنین و بەکاری بهێنین.

*لکاندن و دانانەوە Paste: بەکاردێت بۆ لکاندن و دانانەوەی ئەو بەشەی کە بڕدراوە یان لەبەری گیراوەتەوە، واتە دەبێ لە پێشدا بڕین یان لەبەرگرتنەوەمان ئەنجامدابێت، پاشان ئەم فەرمانە بەکاربهێنین.

*پاککردنەوە و سرینەوە Clear: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ سرینەوە و پاککردنەوەی بەشێکی دیاری کراوو Selected.

*دانانی لێوەرگیراوەکان Insert Citations: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دانان و خستنە ناووی لێوەرگیراوەکان، واتە ئەو سەرچاوانەی کە پارچە دەقەکانی توێژینەوەکەی لێوەرگیراووە، جا لێوەرگرتنی راستەوخۆ بێ، یان دارشتنەوە و پوختە کردن.

*دیاری کردنی هەمووی Select All: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دیاری کردنی هەموو نووسینەکانی ناو فایلە کراوە و، چالاکەکە.


*هاوئاستکردنی کەوانە و داخستنەوەکان balance delimiter : ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دیاری کردن و هاوئاستکردنی کەوانەکان. کە بەهۆیەوە دەزانین چ کەوانەیەك دانەخراوەتەوە و، چی زیاد و کەمە.

*گۆرینی گەورە و بچوکیی نووسین Change Case: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ گۆرینی نووسین لە گەورەوە بۆ بچووك، یان دۆخەکانی تر .

*رێنووس Spelling: بەکاردەهێنرێت بۆ دیاری کردنی هەڵەی رێنووس و راستکردنەوەی هەڵەکانی رێنووس، بە پێی یاسا رێزمانی و رێنووسییەکانی زمانی ئینگلیزی.

*مافی هەڵبژاردن ... Preferences: ئەم بەشە بەکاردێت بۆ گۆرانکاری بچوك تا بەکارهێنەر زیاتر دەستکراوە بێت و حەزی بە بەکارهێنانی بەرنامەکە هەبێت، واتە چەند مافێکە کە بەرهەمهێنەرانی بەرنامەکە داویانە بە بەکارهێنەر.

## 3-گەڕان Search




*دۆزینەوە Find: بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی پیت و وشە و هێما و هەر بەشێك لە نووسینەکەی بەردەستمان. ئەمەش کارئاسانییەکی باشە و، کاتمان بۆ دەگەڕێتەوە.

*دووبارە دۆزینەوە Find Again: وەك دۆزینەوە کاردەکات، بەڵام بۆ دووبارە دۆزینەوە بەکاردێت.

***له جیاتی دانان Replace: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ لە جیاتی دانانی پیت و وشە و هێما و ساڵ و هەرشتێك لە جیاتی دۆزراوەی Found ناو دەقەکە.**

***دووبارە خستنە جێ Replace Again: وەك فەرمانی لە جیاتی دانان وایە، بەکاردێت بۆ دووبارە خستنەجێ و لە جیاتی دانان.**

***لەبەرگرتنەوە بۆ دۆزینەوە Copy to Find: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ لەبەرگرتنەوەی پیت و وشە و هێما و ساڵ و هەربەشێکی نووسین، بەمەبەستی دۆزینەوەی لەناو دەقێکی دیاری کراوو دا، کە کراوەتەوە و چالاکە لە بەرنامەکە دا.**


***لەبەرگرتنەوە بۆ خستنەجێ Copy to Replace: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ لەبەرگرتنەوەی پیت و وشە و هێما و ساڵ و هەربەشێکی نووسین، بەمەبەستی دانانەوەی لەناو دەقێکی دیاری کراوو دا،کە کراوەتەوە و چالاکە لە بەرنامەکە دا.**

***دۆزینەوەی دیاری کراوو Find Selection: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی بەشێکی دیاری کراوو لە نووسینەکەی بەردەستمان.**

*چونه سەر دێڕی ... Go to Line: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ چونە سەردێری تازە یان بەشی تازە یان ...، کە یەکێکە لە فەرمانە گرنگ و پڕبایەخە زۆر بەکارهاتووەکان.

*پیشاندانی دیاری کراوو Show Selection: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ پیشاندانی بەشێکی دیاری کراوو، لەناو دەقەکەی بەردەستمان، واتە هێمای ماوسەکە دەباتە سەر ئەو بەشە دیاری کراووە.

## 4-رێکخستن و شێوازەکان Format



*فۆنت ... Font: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ گۆرین و هەڵبژاردنی جۆری فۆنت و ڕەنگ و شێوازی نووسین، بەڵام هەموو هەڵبژاردنەکان پەیوەستە بەوەی لەناو بەرنامەکەدا، دەینووسین.

*سەرنج و تیبینی ((تێچێن)) Comment: بەکاردێت بۆ دانانی هەر سەرنج و تیبینییەك، کە بمانەوەێت وەك هۆکاری ڕونکردنەوەیی لەناو نووسینێکدا، دای بنێین. دەتوانین هەر دیرێکمان ویست بیکەینە سەرنج و تیبینی، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر دێرەکە و، پاشان کلیك کردن لەسەر ئەم فەرمانە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر دێرێك نووسین کرابێتە سەرنج و تیبینی، ئەوا بە کلیك کردن لەسەر نووسینەکە و، پاشان کلیك کردن لەسەر ئەم فەرمانە، دەبێتە نووسینێکی ئاسایی و، سەرنجەکە نامێنێت، واتە لە رونکردنەوەییەوە، دەبێتە پیشاندراوو.

*بۆشای سەرەتا Indent: بەکاردێت بۆ دانانی بۆشایی لەسەرەتای دێرە نووسینەوە، یاخود لە سەرەتای چەند دێرە نووسینێکی پێکەوەی Paragraph، چەند جار کلیکی لەسەر بکەین، ئەوەندە جار بۆشای دادەنێت.

*لابردنی بۆشای سەرەتا Unindent: پێچەوانەی فەرمانی پێشوو کاردەکات.

*ژمارەی هێڵەکان Line Numbers: بەکاردێت بۆ پیشاندانی ژمارەی دێڕە نووسینەکان، کە لە فایلی کراوە و، چالاکە و بەردەستدا هەیە، بەمەش دەزانین ژمارەی دێڕەکانی هەموو نووسینەکە چەندە. واتە هەر دیرێك ژمارەیەکی پێدەدات لە سەرەتاوە تا کۆتای.

*دێڕە لوول و پێچراوەکان Wrap Lines: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ لوولکردن و پێچانەوەی دێرە نووسینەکان، کە مەبەستمان بێت بیپێچینەوە.


*پێچرانەوە و لوولکردنی جێگیر ((سەخت)) Hard Wrap: ئەم فەرمانە وەك فەرمانی پێشوو وایە، بەڵام چەند هەڵبژاردنێکی هەیە و، وردەکار ترە.

*ڕەنگکردنی ڕستە سازی Syntax Coloring: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ گۆرین و هەڵبژاردنی ڕەنگ بە گوێرەی یاسا و رێساکانی ڕستەسازی Syntax بەرنامەکە.

*شێوازی بۆشای سەرەتا بە شێوەیەکی خۆکار Auto indent mode: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دیاری کردنی شێوەی بۆشای سەرەتا بە شێوەیەکی خۆکار Auto، کە یەکێکە لە فەرمانە زۆر بەکارهاتووەکان.

*گواستنەوە و گۆڕینە زیرەکەکان smart quotes: لەبەر ئەوەی ئەم فەرمانە بە گواستنەوە و گۆڕینە زیرەکەکان ناسراوە، بە شێوەیەکی زیرەکانە هەندێ کاری گرنگ ئەنجامدەدات. هەندێك گۆڕانکاری دەکات لەو دەقەی بەردەستە، بەتایبەتی لە هێماکانی سەرەوەی Quotes سەرە دا.


## 5-کۆمەڵەی پیتچنین Typeset




لەسەرەتای ئەم لیستەدا، دووگمەی ئەنجامدان و جێبەجێکردنی Run Command نووسینە چالاك و بەردەستەکە، کە پێی دەڵێن

Typeset هەیە، کە ڕەنگی سەوزە لە کاتی چالاکی دا، بە کلیك کردن لەسەری نووسینە ئامادەکراوەکە بە شێوەی یەکێك لە جۆرەکانی پی دی ئێف کە لە ژێر ئەم دووگمەیەوەیە، جێبەجێدەبێت و، دەبێتە بەرهەم Output.


## 6-سکریپت Script




بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین کار لە سکریپتەکانی بەرنامەکەدا بکەین، کە زۆر گرنگە و دەتوانین بە هۆیەوە فەرمانەکان زیاد بکەین، چونکە کۆمەڵێك سکریپتی ئامادەکراو هەیە، کە وەك بەرنامەی بچوك وان و، ئیشەکانی بەرنامەکە زیاد دەکەن.

ئەم لیستە لەبەشە گرنگەکانە بۆ بەکارهێنەری پێشکەوتوو، بەڵام بۆ سەرەتای و ناوەندی کەمتر ئیشیان پێی دەبێت، بۆیە بەوردی باسکردنی هەڵدەگرین بۆ خولی پێشکەوتوو.


## 7-ویندۆز Widows




ئەم لیستەش هەموو ئەو فەرمانانە لە خۆ دەگرێت کە تایبەت بە پەنجەرەکان و چۆنێتی پیشاندان و ریزکردنی چەند پەنجەرەیەك کە گرنگ و پێویستن بۆ هەندێك جار، بەڵام زۆربەی کات یەك پەنجەرە یان دوو دانە کراوەتەوە.


## 8-یارمەتی Help:

**لە لیستەی بەشی یارمەتیشدا هەموو ئەو فەرمانانەی پەیوەستن بە یارمەتی دانەوە، وەك شیكردنەوە و ڕونكردنەوە و فێركاری هەیە، تا بە هۆیەوە بەكارهێنەر بتوانێت باشتر فێری بەكارهێنانی بەرنامەكە ببێت.**





## سێ :: شریتی ئامرازەكان Tools Bar

**ئەم بەشەی بەرنامەكە كۆمەڵێك ئامرازی تێدایە كە لە دوو شریتی بچوكی تەنیشت یەكدا ڕێكخراوون تا كارەكان بە خێراتر ئەنجام بدەین و، هەمیشە بەردەست بن، بەمەش هەنگاوەكانی كار كردن كورت و ئاسان دەبن، بەهۆی ئەم دوو شریتە بچوكەوە.**




## چوار :: پەنجەرەی بەڵگەنامە Document Windows

ئەم بەشەی بەرنامەکە تایبەتە بە نووسینی بەڵگەنامە و وتارەکانمان .




## پێنج:: شریتی دۆخ Status Bar

ئەم شریتە زانیاری پێویست دەدات بە بەکارهێنەر دەربارەی دۆخی هەنووکەی فایلەکان



**یەکەم نووسین :**

```
\documentclass{article}
\begin{document}
This is First Document with no parameters and Package.
\end{document}
```

**دووەم نووسین ::**

```
\documentclass[12pt, letterpaper, twoside]{article}
\usepackage[utf8]{inputenc}
\title{Knowledge Base}
\author {Hemn Mela Karim Barznji \thanks {funded by HB Company}}
\date {January 2022}
\begin{document}
\begin{titlepage}
\maketitle
```

\end{titlepage}

In this document some extra packages and parameters were added. There is an encoding package and page size and font size parameters.

\end{document}

**ڕاست و هەڵەی نموونەکان**

%Valid:

\begin{document}

\begin{environment1}

\begin{environment2}

\end{environment2}

\end{environment1}

\end{document}

```
%Invalid:
\begin{document}
\begin{environment1}
\begin{environment2}
\end{environment1}
\end{environment2}
\end{document}
```

```
%Invalid:
\begin{document}
\begin{environment1}
\end{document}
\end{environment1}
```

```
%Also invalid:
\begin{environment}
\begin{document}
\end{document}
\end{environment}
```

# وانەی سێ

# یەك:: ناونیشان

# Title

دەروازەیەکە بۆ ناوەرۆکی وتاری زانستی، بە شێوەیەکی باو یەکەم بەشە کە سەرنووسەر و ئەو کەسەی چاوی پێدا دەخشێنێت و دەیخوێنێتەوە، دەکەوێتە بەرچاوی. بەتایبەتی دووای بڵاوکردنەوە، یەکەم بەشی وتارە کە خوێنەر دەیبینێت، هەر بۆیە زۆر جار خوێنەر بە خوێندنەوەی ناونیشانەکە بریار دەدات کە ئایا ئەم توێژینەوە و وتارە بۆ ئەو گونجاوە یان نا ؟ ئەوەیە کە ئەم دەیەوێت، یان نا؟ کاتێ لە تۆرەکانی ئینتەرنێتیشدا دەگەرێین، تەنها لە ناونیشانی ئەنجامی گەرانەکە دەروانین، هەربۆیە ناونیشان لەبەشە هەرە گرنگەکانی نووسینی زانستی یە.

وەك چۆن ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە گرنگە ، کورتە ناونیشانەکانی نێو توێژینەوەش فرە گرنگن و دەبێت تایبەتمەندییەکانی لەبەرچاو بگرین، مەرجە گشتییەکانی بەسەر دا جێبەجێبکەین بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی ورد و سەرنج راکێش و تەواو زانستی پێشکەش بە خوێنەران و توێژەرانی تریش بکەین. دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت کە ناونیشان و کورتەناونیشان لە هۆکارە سەرنج ڕاکێشەکانن.

## دوو:: مەرجە گشتییەکانی ناونیشان

## The Conditions of Title

بۆئەوەی ناونیشانێکی باش و گونجاو هەڵبژێرین، بۆ ئەو توێژینەوەی دەمانەوێت بینووسین، یاخود نووسیومانە و دەمانەوێت بڵاوی بکەینەوە، پێویستە ڕەچاوی مەرجە گشتییەکان بکەین و، لە نووسینی ناونیشانەکەدا جێبەجێیان بکەین، کە ئەمانەن:

یەك:: ناونیشانی باش ئەوەیە کە وشەکانی ناو ناونیشانەکە گوزارشت لە ناوەرۆکی وتار و توێژینەوەکە بکات، پەسندان[1] بێت بۆ ناوەرۆك و پێکهاتەکانی نووسینەکە. هەروەها ڕوون و سادەبێت.

دوو:: پێرست و پوختەی توێژینەوە بە تەواوی پەیوەندی هەیە بە ناونیشانەوە و، پشتی پێدەبەستێت، هەر بۆیە ناونیشانی هەڵە دەبێتە هۆی نەخوێندنەوەی توێژینەوەکە، یاخود نەخوێندنەوەی توێژینەوەی تری توێژەر ئەگەر کەسێ خوێندبێتیەوە و، بۆی ڕوونبووبێتەوە ناونیشانەکە هەڵەیە و ئەمی خوێنەری بەهەڵەدا بردووە.

---

[1] پەسندان : وەسف: Description

سێ:: ناونیشان نابێت زۆر کورت یان زۆر درێژ بێت، بەڵکو گرنگە واتا بەخش بێت و، لەگەڵ کارەکە و ناوەرۆکدا بگونجێت. هەرچەندە هەندێك جار توێژەر ناچار دەبێت ناونیشانی توێژینەوەکەی درێژبێت تا واتا و مەبەستی تەواوەتی بگەیەنێت، یاخود لەبەر ئەوەی لەو بوارەی ئەم کاری تێدا دەکات، زۆرترین توێژینەوە نوسراوە و ناچارە ناونیشانەکەی درێژبێت تا بتوێت لەناونیشانەکانی تری ئەو توێژینەوانەی جیابکاتەوە کە پێش ئەم و لەلایەن نووسەری ترەوە بڵاوکراونەتەوە، ئەمەش کەمە و باونییە. واباشترە لە 10 تا 15 وشە زیاتریش نەبێت.

چوار:: پێویستە وشەی زیادە بەکارنەهێنرێت وەکو (( a, an, the, used by , ..... )).

پێنج:: ڕستەسازی و بنەماکانی نووسینی زمانی ئینگلیزی بە تەواوی و وردی لە ناونیشاندا جێبەجێبکرێت. بەتایبەتی لە ڕووی ڕێزمانەوە هەڵەی تێدانەبێت.

شەش:: وشەیەك یان هەندێ لە وشەسەرەکییەکان Keywords لە ناونیشاندا هەبێت.

**حەوت:: پێویستە واتا بەخشبێت و گشتی نەبێت.**[2]

**هەشت:: پێویستە کورتکراوەکان Abbreviations و وشەی تایبەتی jargon بەکارنەهێنرێت.**

**نۆ:: پێویستە هاوکێشە بیر کاری و کیمیای و ..... بەکارنەهێنرێت، مەگەر توێژینەوەکە تایبەت بێت بە خودی هاوکێشەکە و، کارێکی نویێ بێت لەسەر هاوکێشەکە.**

**دە:: بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە هەستی ئەرێنی positive impression و سەرنجی خوێنەر دەوروژێنێت و ڕای دەکێشێت.**

**یانزە:: چۆنێتی ڕێکخستنی توێژینەوەکە بخاتە ڕوو.**

**دوانزە:: ئەم دەربرینانە و هاوشێوەکانی تێدا نەبێت:**

Study of

Analysis of

[2] **ئەگەرچی ناونیشانی گشتی یەکێکە لە جۆرەکانی ناونیشان، بەڵام بۆ توێژینەوە واباشترە ناونیشانی دیاری کراو و ورد بێت، نەك گشتی. بەڵام ناونیشانی گشتی بۆ توێژینەوەی زۆر گەورە و فراوان کە کاری کۆمەڵ بێت یاخود بۆ ناونیشانی پەڕتووك ((کتیب)) شیاوترە.**

**پێویستە لە نووسینی ناونیشان و کورتە ناونیشانی بەشەکاندا، بە وردی ئەم خاڵە گشتییانە ڕەچاو بکەین، بۆ ئەوەی کارەکەمان سەرکەوتوو بێت و، نووسینەکەمان سەرنج ڕاکێش بێت و هەلی بڵاو بوونەوەی بۆ بڕەخسێت، هەر بۆیە واباشە، هەموو وشە کلیلەکان ((وشە سەرەکییەکان)) بهێنین و، بیر لە ناونیشانێك بکەینەوە کە گرنگترین وشە کلیلەکانی تیابێت و، لەگەڵ ناوەرۆکیشدا بگونجێت. هەروەها پێویستە تیایدا ئاماژە بە بەرهەم و ئەنجام بدرێت، واتە چ کارێك ئەنجام دراوە ؟**

**ناونیشانێکی ورد و زانستی و گونجاو و سەرنج ڕاکێش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی توێژینەوەکە زۆرترین خوێنەری هەبێت و زۆرترین توێژەری تر بیکاتە سەرچاوە، بە ئاسانی بڵاوببێتەوە لە هەموو جیهاندا و دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی توێژەر بناسێنێت بە توێژەرانی تری بوارەکە.**

# سێ :: جۆرەکانی ناونیشان

# Types of Title

بە گوێرەی سەرچاوەکان چەندین جۆر ناونیشانمان هەیە، هەر سەرچاوەیە و، دابەشی دەکات بۆ ژمارەیەکی دیاری کراوو، هەندێك پێیان وایە 12 جۆرمان هەیە و، هەندێك سەرچاوەش بە 20 جۆر دای دەنێن و، هەندێك سەرچاوە تەنها 8 جۆر بە گرنگ و پێویست دەزانن، هەر بۆیە ئێمە لێرە دا گرنگترین جۆرەکان دەهێنین :

یەك:: ناونیشانێك کە ئاماژەدان بێت بە بڵاوکردنەوە و جاڕدانی بابەتێکی گشتی General Subject. بۆ نموونە ((تەمەنی لاوان)) ، ((شێرپەنجەی مەمك)) ، ((تەمەنی بێ ئومێدی)).

دوو:: ناونیشانێك کە هی تایبەتی و بیر و ڕا بێت، دەربارەی بابەتێکی دیاری کراوو Specific Theme. بۆ نموونە ((نەخۆشی شێرپەنجەی سورێنچك لە گەرەکی رۆژهەڵات لە شاری سلێمانی)).

سێ:: ناونیشانێك کە جڵەوگیری پرسیارێك Controlling Question نیشانبدات. وەکو ((ئایا تەنها گەنجان ئالوودە دەبن ؟)).

چوار:: ناونیشانێك كە تەنها ئەنجامەكە رابگەیەنێت just state the findings ، وەكو ((پیسبوونی ژینگە هۆكاری سەرەكی شێرپەنجەیە لە شاری سلێمانی)).

پێنج:: ناونیشانێك كە ئاماژە بدات بە وەڵامی پرسیارێك answer to a question و نیشانی بدات، وەكو ((كاریگەرییەكانی پوختەكردن لەسەر بەكارهێنانەوەی زانیاری)).

شەش:: ناونیشانی تێز Thesis، كە بەكاردێت لە نووسین و بڵاوكردنەوەی تێزەكانی ماستەر و دكتۆرا و ... تادوای، وەكو ((درووستكردنی بەرنامەیەك بۆ گۆرینی قسە كردن بۆ نووسین لە زمانی كوردی شێوەی كرمانجی ناوەراست)).

حەوت:: ناونیشانێك كە هێزی تەواو بخاتە سەر رێگەزانی Methodology بەكارهێنراوو لە توێژینەوەكەدا و، گرنگی تەواوی پێبدات، كە بە زۆری لەم جۆرە ناونیشانەدا دوو نوقتەی سەر یەك : بەكاردەهێنرێت، بۆنموونە ئەگەر توێژینەوەیەك ئەنجامبدەین دەربارەی شێرپەنجە لە سلێمانی ، وەكو (( بەپێی راپرسی : هۆكارە سەرەكیەكانی شێرپەنجە لە سلێمانی پیسی ژینگە و خواردنی خراپە)).

هەشت:: ناونیشانێك كە پێكهاتبێت لە ڕێبەری پێشنیاركراوو Suggest Guideline و بەراوردكردنەكان Comparisons، وەكو ((حەوت جۆر فرە واتای هەیە)).

## بەشەپێكهێنەرەكانی فایلی لەیتێك

هەر فایلێكی لەیتێك كە دووای ئەوەی بەرنامەكەمان كردەوە،دەینووسین، لە چەند بەشێكی گرنگ پێكدێت كە پێویستە زانیاریمان دەربارەیان هەبێت بۆیە باسیان دەكەین، ئەگەر یەكەم نووسین بە نموونە وەربگرین وەكو ئەمەی خوارەوە، پاشان بەشەكانی شی بكەینەوە، ئەوە باشتر ڕوون دەبێتەوە:

```
\documentclass{article}
\begin{document}
The Simple First Document with no parameter
and Package.
\end{document}
```

هێمای \ بەکاردەهێنرێت وەك سەرەتای کردنەوە و داخستنەکان، بۆیە هەمیشە پێش کردنەوە و داخستن دایدەنێین، دەبێت بە وردی سەرنجی بدەین و هێمای (/) بەکارنەهێنین لە جیاتی کە پێچەوانەیە و کارەکەمان بۆ ناکات، پاشان بە دووای دا دیاری دەکەین کە کارەکەمان لە پۆلی بەڵگەنامەکانە document class، بەڵام بەسەر یەکەوە و بێ بۆشای دەینووسین، دواتر کەوانەی داغڵکەرەکان دادەنێین {} و، بە پێی پێویست داغڵکەرێك Input لە ناویدا دەنووسین، لێرە نووسیومانە وتار article چونکە دەمانەوێت وتار بنووسین، بەڵام دەتوانین هەریەکێك لە مانەی خوارەوەی تێدا بنووسین و بەڵگەنامەی لەو جۆرە درووست بکەین کە دەمانەوێت:

یەك//وتار article، بۆ بەڵگەنامەی کورت و وتاری گۆڤار، بە شێوەیەکی باو ئەمە بەکاردێت.


دوو//راپۆرت report، بۆ بەڵگەنامەی درێژ بەکاردێت کە بەش بەش Chapter بێت.

سێ// پەڕتووك book، بۆ نووسینی پەڕتووکەکان.

چوار//نامە letter، بۆ نووسینی نامەکان بەکاردێت.

پێنج//سلاید slide، بۆ نووسینی سلایدەکان بەکاردێت.

شەش// بیمیر beamer، بۆ نووسینی سلّایدەکان بەکاردێت، کە کۆمەڵێك جوانکاری ئامادەکراوە لە پۆلێکی تایبەتی دا بەم ناوەوە.




حەوت// تیز thesis بەکاردێت بۆ نووسینی تیز ، نامەکان بە لەیتێك، کە پەڕتووك و وانەی تایبەت زۆرە لەسەری و فێرخواز دەتوانێت بە ئاسانی خۆی فێربکات. بەتایبەتی پەڕتووك بە زمانەکانی عارەبی و ئینگلیسی و فارسی بەردەستە.

دەکرێت لە پێش کەوانەی داغڵکەری جۆری نووسینەکەوە، کەوانەی [] بەکاربهێنین بۆ دیاری کردنی تایبەتمەندیەکانی نووسین، وەکو قەبارە و .... تادوای .

```
\documentclass[12pt, letterpaper, twoside]
{article}
\usepackage[utf8]{inputenc}
\title{Knowledge Base}
\author{Hemn Barznji \thanks{funded by the
HB Company}}
\date{January 2022}
\begin{document}
\begin{titlepage}
\maketitle
\end{titlepage}
```

In this document some extra packages and parameters were added, page size and font size parameters.

\end{document}

پاشان سەرەتای بەڵگەنامە دەکەینەوە و سەرەتاکەی دیاری دەکەین:

\begin{document}

نووسین و جوانکارییەکان ئەنجام دەدەین دووای کردنەوەی بەڵگەنامە و لە کۆتای کارەکەماندا، دەبێت بەڵگەنامەکە دابخەینەوە:

\end{document}

چەند نموونەیەك بۆ دیاری کردنی راست و هەڵەی کردنەوە و داخستنەکان ...

یەك:: کردنەوە و داخستنەوە لەم نموونەیەی خوارەوەدا راست و تەواوە و ژیربێژییانەیە:

\begin{document}

\begin{environment1}

\begin{environment2}

\end{environment2}

\end{environment1}

\end{document}

**دوو :: کردنەوە و داخستنەوە لەم نموونەیەی خوارەوەدا هەڵەیە، سەرنج بدە بە وردی و بزانە بۆچی ؟**

```
\begin{document}
\begin{environment1}
\begin{environment2}
\end{environment1}
\end{environment2}
\end{document}
```

**سێ :: کردنەوە و داخستنەوە لەم نموونەیەی خوارەوەدا هەڵەیە، سەرنج بدە بە وردی و بزانە بۆچی ؟**

```
\begin{document}
\begin{environment1}
\end{document}
\end{environment1}
```

**چوار :: کردنەوە و داخستنەوە لەم نموونەیەی خوارەوەدا هەڵەیە، سەرنج بدە بە وردی و بزانە بۆچی ؟**

```
\begin{environment}
\begin{document}
\end{document}
\end{environment}
```

# ڕێکخستنی بنچینەیی، پوختە، پەرەگراف و دێڕی تازە

# Basic Format, Abstract, Paragraph and New Line

لە سەرەتادا پێویستە کار لەسەر بەشی بنچینە و گرنگی توێژینەوە نووسین بکەین کە بەشە گشتی و دیارەکانن، جا لە ڕووی زمان و هونەری نووسینەوە بێت، یاخوود لە ڕووی زانستیی توێژینەوە نووسینەوە. هەر بۆیە لە چەند کورتە باسێکدا ئەم بابەتە دەخەینە ڕوو، هەروەها بە پێی پێویست ڕوونی دەکەینەوە.

## ڕێکخستنی بنچینەیی

## Basic Format

گرنگترین شت لە ڕێکخستنە بنچینەییەکانی دروستکردنی هەر فایلێك و نووسینی هەر باسێك، دیاری کردنی حەجمی فۆنت و، جۆری لاپەرە و، جۆری باسەکەیە کە ئایا وتارە یان تێزە یان ..... .

\documentclass[12pt, letterpaper, twoside]
{article}

